# نیگای چاوەکانم

شارا بەکر – سلێمانی
Shara977@yahoo.com



وەر با وانەی خۆشەویستی و

سۆزو عەشق ووەفات فێرکەم

گەر لە مانای ئەشق تیَ ناگەی

دەستت بێنە با لە لەپی دەستت دواڕۆژم

بخوێنمەوە

گەر تێناگەی لە ئەویندارى خۆم

سەیری نیگای چاوەکانم بکە

لە پێلوەکانم دا نوسراوە بەیەک دەگەین ....یا..؟

بیرم نەچووە ...

لە نێو لەپی دەستم یادگارییەکانم هەڵگرتووە

خۆشەویستیت کردومی بە دێوانەوە

زکری ئەشق دەڵێمەوە..

بەڵکو ڕۆژی بێت و ببی بە دیوانە

لە تەکییەی ئەشق یەکگرینەوە

ئەوسا تێبگە خۆشەویستی چەند گەورەییە

شێخ و مەلاش ئەیڵێنەوە....